
لەپەراوێزی هاوپەیمانیەتی یە نوێیەکەی یەکێتی و پارتیدا ..!؟

**_* هەتامەترسی هەبێت لەسەرکوردستان،ینک وپدک  لەسەرجەم هەڵبژاردنەکانی کوردستان وئێراقدا بەلیستی هاوبەش دادەبەزن._**

_* ڕەوەندی کوردی لەهەندەران بۆ دەنگی نەدا ..؟!_

**کامەران ئیسحاق پەری**



Kamaran_pary@hotmail.com

گەلی کورد لەباشوری کوردستان، وەک گەلێکی ستەمبەش لەپێناودەستەبەرکردنی، ئاوات، و ئامانج و خەونەکانی، گەلێک تێکۆشاوە، لەوپێناوەشدا، بەچەندین شێوازو جۆر لەقۆناغ وهەگبەی جودا، زۆرێکی ئەو ئاوات و ئامانجانەی بەڕێگەی شەڕ وکوشتار بەدەستی هێناون ،کەمێکیشی بەدانوستان وگفتوگۆ بەچنگی کەوتون، هەتاوەکو بەرلەڕووخاندنی ڕژێمی بەعس وکەوتنی دیماگۆیەتی ئەوڕژێمە جگە لەو دووئەڵتەرناتیڤ ودیڤاگتۆیە، بۆبەدەست هێنانی ماف شتێکی ئەوتۆی لە بەردەستنەبووە.
ـ بەڵام دەکرێت هەڵبژاردنەکانی ئێراق وکوردستان لەساڵی 2005 بەدواوە، بەدەستپێکی قۆناغ و ئەزمونێکی نوێی تێکۆشان وماف بەچنگ کەوتن بانسێنین وئەنجام وکاردانەوەکانیشی بەشێوەیەکی دیکە لەئایندەی فەرمانڕەوای سیاسی ئەمڕۆی کوردستان مامەڵە پێبکەین .

_* کورد بەتایبەت لەم قۆناغەدا:_

مەبەست لەقۆناغی پاش سەدام حسێن،و پێخستنی ئەمریکا لەناوهاوکێشەی سیاسی ئێراق لەبەر ئەوەی لەئەزمونێکی نوێدا خۆی دەبینێت ، بۆهەڵکردن لەگەڵ ماتریاڵ وتەداعیاتی ئەم قۆناغە نوێیە، پێویستی بە بەدواچوون وکاری ڕێکخراو وجدی تر هەبووە و هەیە، بەتایبەت وەک ئاماژەمان پێدا لەمێژووی خەباتی کۆن ونوێی کورد لەباشور ئەمە یەکەمین جارە بەمیکانزمێکی ترجودا لەپێشەکانی ولەڕێگەی (پرۆسەی هەڵبژاردن ودەنگدانی نهێنی،نیمچەئازاد )ماف بەدەست دەهێنێت.
ـ گەرقسەیەکی پێشوەختیش لەسەرسەرجەم پرۆسەکەوهەڵبژاردنەکانی ئێراق بکەین،ولەوڕاونگە وگۆشەنیگایەوە تەماشای بکەین کەلەپاش ڕووخانی فەرمانڕەوای 35 ساڵەی دیکتاتۆرییەت هاتۆتە بوون ئەوەندەی من لەنزیکەوە لێ بەئاگام وێڕای هەبوونی ئەو هەموو کەم وکورتی وخەوش و ناڕێکیانە لەکاتی ئەنجامدان و پاش، ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانیش ئەکرێت بڵێن تا ئەندازەیەک، سەرکەوتنی باشی بەخۆوە دیوە.
ئەوەی کەلێرەدا ئەمانەوێت ئاماژەی پێبدەین ئەو ئیدامەدانەیە بەخەوش وکەم وکورتیەکان وبوونیان بەستراتیژی کارکردن بۆداهاتوویەکی نادیار.....گوتاروپەیمانی (هاوپەیمانیەتی یەکێتی وپارتی بەیەک لیست لەهەڵبژاردنەکاندا کە ئەمڕۆخەریکە دەبێتەپەیمانێک لەژێرناوی(پەیمانی شەرەف) بەدەرلەوەی کەترسی دروستکردنی دیکتاتۆری بچوک دەهێنێتە کایەوە،خۆی لەخۆشیدا ئەکرێت بەخەونی سەر لەنوێ یەگرتنەوەی باڵەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ناوبنێن ! ..... ئەم هاوپەیمانیەتی ە ئەگەر بۆ ناوخۆی حیزبە یەگرتوەکان هەنوکە قازانجی پێگەیاندبێت  ئەوا لەسەرئاستی شەقامی کوردی وڕای گشتی ئەم یەکگرتنە زیانی پێدەگەیێنێت.

باکەمێک بگەڕینەوە بۆدوواوە بۆزەمەنی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان، وگوزەرێکی خێرا بەئەنجامەکان بکەین   هەمووان ئەزانین کەلیستی هاوپەیمانی نیشتیمانی کوردستان لەسەرجەم جەولەکانی هەڵبژاردن کەنەیتوانیوە زیاترلەوڕیژەیە لەکورسییەکان دەستەبەر بکات هۆکەی بەشێوەیەکی گشتی وسەرەکی بەشداری نەکردنی هاوڵاتی کوردبووە لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا. لێرەدا ئەبێت چەمک و خەسڵەتی بەشدارینەکردن و بوون بەئۆپۆزسیۆن لەگەمەی ڕێگرتن لەیەک جیابکەینەوە، مەبەست لەبەشداری نەکردن بەمانا ڕاستەقینەکەی (ئیمتیناع، ومانگرتنی سیاسی) (نەچوون بەرەو پیری سندوقەکانی دەنگدان ) تائەندازەی دژایەتی کردن و قبوڵنەکردنی لیستە کاندید کراوەکان. ڕێگرتنیش خەسڵەتی ئەوەی هەیە کەنەیارو ناحەزو بارودۆخی ئەمنی  ڕێگریت بۆدروست بکات کەتۆ بەشداری هەڵبژاردن نەکەیت، گەورەترین پرسیار کەڕووبەڕووی ئەم هاوپەیمانیەتی یە درێژکراوە دەبیتەوە ئەوەیە، کەئەگەر مەترسی لەسەر کوردستان نەماو زەرورەتێک نەما کەچیدی یەکێتی وپارتی هاوپەیمان بن و لەپاش هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی شەرەف و هەریەک بەلیستی جیابەشداری هەڵبژاردن بکەن تاچەند ئەنجامەکانیان پێ قبوڵدەکرێت ..!؟ ، تاچەند ئەگەری ئەوە هەیە، کە بەدۆڕاندنی یەکێکیان جارێکی تر سەنگەر لەیەکبگرن ودەستبکەنەوە بەشەڕو کوشتار...؟!

بۆوەڵامی ئەم پرسیارەو لەمەڕ بۆچوونی شەقامی کوردی وتێڕوانینی لەمەڕ سیاسەتی یەکگرتن و بەشداریکردن لەهەڵباژردندا، ڕەوەندی کوردی بەنمونە دەهێنینەوە.کەپێشتر لەبەدواداچونێکی مەیدانیدا  لەمەڕ بەشداریکردن ونەکردنی ڕاکانمان بەچنگ کەوتوون.

- ڕەوەندی کوردی بەنمونە:

*یەکەم :*

*ئەوتێفکرینە پاڵپێوەنەرانەی کەبووە هۆی بەشداری نەکردنی بەشێک لەڕەوەندی کوردی لە هەڵبژاردنەکاندا.*

ـ بەشداری ناکەم لەهەڵبژاردنێک ،کەیەکێتی وپارتی تیایدا پێشڕەوبێت !؟

ـ باوەڕم بەهیچیان نەماوە. ناچم بۆدەنگدان

ـ هەمووی بۆگیرفان پڕکردنەو هیچی تر

ـ پێشوەخت دانراوە کەکێ دەربچێت ، بەدەنگی من هیچ  لەمەسەلەکان ناگۆڕێت ؟!

ـ کەرکوکمان فرۆشراوە تازەبەتازەبەقسەی سەرکردەکانمان ناگەڕیتەوە،من بۆیە بەشداری ناکەم ،بۆیە دەنگ نادەم چونکێکم کەرکوکمان لەدەست داوە !؟

ـ بەشداری کردنم خیانەتە لەخوێنی پاکی شەهیدان و لەوڕێبازەی کەئەوان سەردەمانێک بۆی تێکۆشان ؟! وگیانیان بۆی فیدا کرد.

ـ دەنگ بدەم بەکێ ..... ؟ بەشەڕکەرانی شەڕی ناوخۆ! یان بەئاشتی بووانی ناچاری.!

ـ من هیچم نەماوە لەکوردستاندا تابچم لێرەوە دەنگی بۆبدەم ..... کوردستان بۆمن هاوینەهەوارێکە گەرنەشمێنێت گرنگ نی یە ...... ؟!

ـ خۆمن تازەئەرزە هرناگرم.! موچەی خانەنشینیشم پێنابڕێت.بائەوانەبچن دەنگ بدەن کە ئەرزە وەردەگرن ولەهەردوولا مەعاشی خانەنشینیان بۆ بڕاوەتەوە.!

دووهەم:

*ئەو سونبولانەی کەبونە هۆی بەشداری کردنی ڕەوەندی کورد لەهەڵبژاردنەکاندا:*

- باوەڕم بەسەرکردایەتی کوردی هەیە،لەهێنانەدی مافە چارەنوسسازەکان ،بۆگەلی کورد.
*(1) بەتایبەت سەرکردایەتی یەکێتی.وشەخسی مامجەلال.
- دەنگی من وتۆیە کەدەتوانێت ئایندەیەکی باشتر بۆنەوەکانی داهاتومان دەستەبەر بکات .
- بەدەنگدانمان کوردیەتی کەرکوک دەسەلمێنین وعروبەتیشی پوچەڵ دەکەینەوە
- بەشداری کردنم هێنانەدی خەون وئامانجی شەهیدانە، *(2) دەنگم دەنگی ئەو منداڵانەیە کەلەسکی دایکیان زیندە بەچاڵکران و ئەنفال کران
- دەنگ دەدەم بەئاشتی بووانی شەڕی ناوخۆ بۆیەکخستنەوەی ئیدارە وهەبوونی یەک هەرێم ویەک حکومەت ویەک سەرۆک
- دەنگ دەدەم بۆئەوەی بەیەکجاری بگەڕێمەوە کوردستان ولەوێ بەخۆشگوزەرانی بژیم  نەک لە وڵات و کۆمەڵگایەکی نامۆی هەندەران سەربنێمەوە.

لەم تێفکرین وپاڵپێوەنەرانە وزۆرێکی تریش بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ بوونە هۆکاروپاڵپشت بۆ بەشداری کردن ونەکردەی ڕەوەندی کوردی لەهەڵبژاردندا ئەمەلەکاتێکدا گەر هیچ کام لەبەشداربووەکان لەمانای دیموکراسیەت وژیان لەسێبەری حکومەتی ماف،و یاساو فرەڕەنگی تێنەگەیشتبێتن !؟ ئەواتاڕادەیەکی زۆر لە بەشداربووان بەحەماسێکی سیاسی بەشداربوون، مەبەستیشم لەحەماسی سیاسی هەست بزواو، تێگەیشتنێکی کەم وبەشداری کردنێکی بەهێز. گەورەیی ئەم دوودژە بۆچوونە لەوەدایە کە بەتێگەیشتنێکی زۆربەشداری کردنێکی لاوازوکەمی لێبێتەوە، گەرتێنەگەیشتن لەچەمکەکانی ژیانی مەدەنی ودیمۆکراسی،ئازادی ببێتە خەسڵەتێک بۆ بەشداربوونی گوندنشینێکی کوردستان ،ئەی بۆچی زۆرتێگەیشتنی مۆدێرن پێشکەوتوخوازێکی ژیاو لە،کەشی دیموکراسی خوازی هەندەران خەسڵەتی بەشداری نەکردنی لێبێتەوە ؟.... ،ئایا بەشداری نەکردنە تەنها تۆراندوزویربونێکی کاتی (باوک ومنداڵ ) بوو ؟ داخۆ مەسەلەی تۆراندن لەهەر کامێک لەپارتە کوردیەکان ئەوەندە هەڵدەگرێت ،کەبەشدارنەبیت لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆت ؟! ئایا بێجگە لەدابڕان و بەرگرتن لەبەشداری کردنی هاوڵاتی کورد لەهەندەران هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی تری پێیە بۆچارەسەر ؟ دەسەڵاتی کوردی چۆن لەگەڵ ئەم نەسڵە نوێ یە مامەڵە دەکات ؟ نەوەی مانگرتو لەبەشداریکردن وهەڵنەکردن لەگەڵ ئەم بارودۆخە نوێ یە، پێوەری نیشتیمانیەتی لەم هاوکێشەیەدا چۆنە ئایا لەهەڵبژاردنەکانی داهاتودا دەنگدان بەلیستی هاوپەیمانی نیشتیمانی ئەرکی سەرەکی هاونیشتیمانی بوونمانە.. ؟! ئەم پرسیارانەیە  دەمەوێت لێرەدا بیوروژێنم تابگەینە ئەنجامێکی وەها کەبتوانین لەڕێگەیەوە بنەمایەکی نوێ بۆ پەیوەندی نێوان هەندەران وکوردستان بەتایبەت و(هاوڵاتی و دەسەڵات ) بەگشتی دەستنیشان بکەین و لەپاڵیشیدا خوێندنەوەیەکی ترمان بۆستراتیژو خەونی کۆنی یەکگرتنەوەی پارتی و هەڵوەشاندنەوەی   یەکێتی هەبێت...!

گەر بڕوانیینە هۆکارەکانی بەشداری نەکردنی کوردێک لەهەڵبژاردندا لەکۆی ئەوڕاو ڕیایەڵپرسی یە گشتی یەی کەلەسەرئاستی ڕەوەندی کوردی لەئەوروپا کراوە  تێبینی ئەوە دەکەین کەهیچ کامی هۆکانی دابڕان توندڕەوی(بەمانای تێکدان ) تیا بەدی ناکەیت بەپێچەوانە ڕەنگە بەشداری نەکردنی بەعسی یەکی شکست خواردوو یاخود بیردژێک ناچارە بۆداکۆکی کردن لەسەرچەمکی(نەخێر بۆ دیموکراسیەت) بەشدارنەبێت بۆئەوەی پرۆسەکەش تێک بدات، لەخراپترین حاڵەتدا خۆی دەتەقێنێتەوە یاخود لەباشترین حاڵەتیشدا هەڵبژاردنەکان بەکارتۆنی ناودەبات . بەڵام خۆئەم بەکارتۆنی وەسفکردنەی ئەنجامەکان هەڵبژاردنەکان لەناو تێفکرینە کوردیەکەشدابەدی دەکرێت ... هاوکات بنەماکانی بەشداری نەکردنی هاوڵاتی کورد لەسەربنەمای داخوازی گشتی لەسیاسەت بەندە ....دەبوو دەسەڵاتی کورد پێیشوەخت  وڵامی بەدەستەوە بوایە بۆ هەموو ئەوانەی کەپێیان وایە بەشداری نەکردن باشترە لەکردن ومومارەسەکردنی مافی دەنگدان،بەڵام لەئەمڕۆدا نەک هەر وەڵامی پێ نییە بگرە ،بەوپەڕی لەخۆڕازی بوون پێ لەسەر خراپترکردنی ڕای گشتی بەرامبەر بەدەسەڵات داگرتوە  بەڕای زۆرێک لەچاودێرەسیاسییەکان بەڕاگەیاندنی ئەوهاوپەیمانیەتی یە نوێیە ،بارەکە ئاڵۆزتردەکات و لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوشدا زەبری گەورەی بەردەکەوێت.

* هەڵبەت دەسەڵاتی کوردی بەگشتی وپارتی ویەکێتی بەتایبەت لەهاوپەیمانیەتی یە نوێکەدا کار لەسەرئەوەدەکەن کەبەدیلی

باشترلەوان لەئەمڕۆی (گۆڕەپانی سیاسەت)لەکوردستان بەدی ناکرێت ،(خۆ ئەگەر خەڵک دەنگ نەدات بەیەکێتی وپارتی) ،ناچار یەکگرتوی ئیسلامی وپارتە ئیسلامی یە توندڕەوەکان،لەهەڵبژاردنەکاندا دەنگ بەدەست دەهێنن ئەمەش لەبەرژەوەندی تاکی کوردیدا نی یە، بەسەرکەوتنی ئەوان ودۆراندنی یەکێتی وپارتی نائارامی دەکەوێتە کوردستان ،بۆیەتاکی کوردهیچ ڕێگایەکی تری بۆنەماوە،جگەلەوەی کەلەجەولەکانی داهاتودا ئەگەر هەڵبژاردن کرا،جگەلەم دووزلهێزەی گۆڕەپانی سیاسەتی کوردی دەنگ بەهیچ لایەنێکی تربدات بەڵام ئاخۆدەسەڵاتی کوردی هیچ سودێکی لەئەزموونی تورکیای هاوسێ وەرگرت کاتێک کەپارتێکی وەک پارتی عەدالەتی تازە هەڵکەوتووی موحافیزکار (لەنێوگۆڕەپانی ململانێ هەڵبژاردنەکانی تورکایدا تەواوی پێوەرو دەسەڵاتی سیاسی تورکیا لەشەوڕۆژێکداگۆڕی.

* ڕەوەندی کوردی لەهەندەران .. لەئاخاوتنەکانیاندا کاربۆبوون بەربەست لەبەردەم هاوپەیمانیەتی یەکێتی وپارتی خۆش دەکەن ... لەهەرهەڵبژاردنیک لەئێستایان لەداهاتودا ئامادەنین بچن بۆدەنگدان بەڕای زۆرێک لەکوردەکانی هەندەران ئەگەرجاران بۆنەوەی یەکەمی کۆچکردوو یەکێک لەهۆکانی هەبوونیان لەتاراوگە ئەوبارە ناهەموارە بووبێت کەسەدام و دارو دەستەکەی هێنابوویانە ئاراوە. ئەوابۆ نەوەی پاش شەڕی ناوخۆ خراپی باری ئابووری تاک وهەبوونی گەندەڵی وناعەدالەتی کۆمەڵایەتی هاندەرو فاکتەری هەبوونیانە لەهەندەران. بەڕای ڕەوەندی کوردی لەئەوروپا دەسەڵاتی سیاسی لەکوردستان نەی توانی خەونە ناسیونالیزمەکانی تاک لەلای ڕەوەندی کوردی شیرین بکات، ڕاستەگەربڵێن خەونەشیرینەکانی تاڵ کردوەو لەوبارەیەوە شکستی بەخەۆدیوە.

ئەگەر ئەم ڕایە گەیشتبێتە دەسەڵات بەم پێیە پێوەرەکانی کوردایەتی ولافی نیشتیمانیەتی لەبەر دیدی دەسەڵاتی کوردی بەئاقارێکی تردا دەڕوات ...ئەو بەشداری نەکردنە بۆ دەسەڵاتی کوردی لەئایندەیەکی نزیکدا خۆی لەقاڵب و خوێندنەوەیەکی تردا دەبینێتەوە

بەپێی ڕاپۆرتێکی تایبەت کەبەدەستمان گەیشتوەلەبنکەکانی ناونوس ودەنگدانەکان،لەوڵاتانی ئەوروپا

. *(3) ڕێژەی بەشداری کردنی ئەوکوردانەی کەبێ مۆڵەتن زیاتربوە لەوکوردانەی کەهەڵگری ڕەگەزنامەی ئەوروپین ئەمەش لەهەندێک لەبنکەکانی دەنگ دانی (دانیمارک ،سوێد ،ئەلمانیا)بەزەقی ئەم دیاردەیە دەکەوتە بەرچاوئەمە لەکاتێکدایەکە ئەوکوردەی کەبێ مۆڵەتە بەچاکبوونی بارودۆخەکە، وهەبوونی ئارامی لەکوردستاندائەگەری گەڕاندنەوەی (پەناهەندەی بێ مۆڵەت) بۆ کوردستان ودەرکردنی لەبەهەشتە درۆکە زیاتر دەبێت.پرسیارەکە لێرەدایەهەڵوێستی ئەودەنگدەرە چۆن دەبێت ئەگەر بەزۆر گەڕینرایەوە کوردستان ،ئایا بەهەمان زەوق و ئامادەگی هەندەران ڕوو لەسندوقەکانی دەنگدان دەکات یان ئەمجارە خۆی لێ بەدوور ئەگرێت تائاستی نەفرەت لێکردن؟!

. لە خاڵێکی تری بەرچاوکەوتوو کەڕۆڵی بینی لەمانگرتن ونەچوون بەپیردەنگدان نەبونی هۆشیاری نیشتیمانی بوو،بەشیکی بەهۆی ناوبانگی خراپی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکوردیەکان،بەشیکیشی لەئەستۆی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ومیدیای بینراوو بیستراو کەنەی توانی بەوردی، لەکەسیەتی تاکی کورد لەهەندەران بپێچێتەوە و بچێتە بنج وبناوان وناخی دەنگدەران، خۆئەگەردەنگی فەرهاد سەنگاوی، بەنمونە وەربگرین کەبەئەفسانەی لەجۆشدانی تەزوە حەماسی یەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەمرۆ وخەباتی دوێنێ شاخ دەژمێرێت ... کاریگەرێکی ڕاستەوخۆ و پۆزەتیڤی هەبوو‌بێت لەڕاپێچکردنی بیروهۆشی کۆمەڵانی خەڵک بۆسندوقەکانی دەنگدان لەناوەوەی کوردستان، ئەوا لەسەرئاستی دەرەوەی کوردستان وبەتایبەت لەئەوروپا هێندەکاری گەرنەبوو،بەپێچەوانەوە ئەو گوتارە حاماسییانە بەنێگەتیڤ وبەزیانی سندوقەکانی دەنگدان لەهەندەران تەواوبوو. بەڵام پەشیمان بوونەوەکەی ئەم دوایەی فەرهاد لەڕێگەی سێدکەی بۆکەرکوک هێندەی تر چەمکی بەشداری نەکردن و(موقاتطعە) ی لەهەندەران سەقامگیرکرد.

*بابەتی پەیوەندیدار ویارمەتیدەربۆخوێندنەوەی بابەت*

– (1)کوردستان پۆست کەبەدرێژایی ماوەی هەڵبژاردنەکە لەدژی پرۆسەی بەشداریکردنی کورد بووە لەهەڵبژاردنەکاندا لەبەرواری 14_11 تا21_11 2005 لەماڵپەرەکەیاندا پرسیارێکی بڵاوکردبوەوە کەئەمە دەق و ئەنجامەکەیەتی

بڕوات بەبارزانی، تالەبانی هەیە؟

50.3% بڕوام بەتالەبانی هەیە

38.7% بڕوام بەبارزانی هەیە

9.5% بڕوام بەکەسیان نییە

1.5 % نازانم

ئەمڕۆکە بۆجارێکی تر (کوردستان پۆست) لەبەرواری 070707 ڕاپرسیەکەی لەمەر ڕابەرانی یەکێتی وپارتی بڵاوکردۆتەوە لێرەدا بەمەبەستی بەراوردکردن ئەنجامەکەی دەخەینەڕوو

کام لەم دووانە بەسەرکردە دەزانیت؟

بەڵی جەلال تاڵەبانی 24%

بەڵی مەسعودبارزانی 18%

ئەوان سەرکردەی من نین 58%

کۆی گشتی دەنگ 1195 تاکاتژمێر 12ی نیوەشەوبەکاتی ئەوروپا

بەپێی ئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسی یە لەئەمڕۆدا بەبەراوردکردن لەگەڵ ئەنجامەکانی لەنزیکەی 2 ساڵ لەمەوەبەر برواومتمانە بەهەردوو سەرکردە خۆی لەڕێژەی 42% دەبینێتەوە، لەکاتێکدا لەساڵی 2005 دا بڕوابوون بەسەرکردەزانی خۆ بەهەر دووسەرکردە کە 89% ی پێکدەهێنا.

-* (2) ئەمە گوتەی دەنگدەرێکی کوردبوو لەچاوپێکەوتنێکی تایبەت لەشاری لەندەن لەیەکەم ڕۆژی دەنگداندا

- *(3) لەشاری یۆتۆبۆری سویدی کەدووەم شاری گەورەی سویدە وبنکەی ناونوس ودەنگدانی تیابووە، ئەوەبەدی کرا کەڕێژەی بەشداری کردنی کوردەخاون ڕەگەزنامەی سویدی کەمتربوە لەوکوردانەی کەبێ مۆڵەتن، بەهەمان شێوە لەکۆبنهاگن کەبنکەی سەرەکی دەنگدانی دانیمارک بوو .ئەمەش بەرەچاوکردنی ژمارەی پەناهەندە لەوڵاتان

- هەندێک لەکوردەکانی دانیمارک لەئەنجامی گرانی هاتوچۆ و دووریان لەبنکەی ناونوس کردن لەیەکەم هەڵبژاردندا کەمترلەبەردەم سندوقەکانی دەنگدان ئامادەبوون ، بۆیە لەهەڵبژاردنەکانی دووەم وسێهەم حکومەتی دانیمارکی،لەسەربوجەی دەوڵەت خەرجی هاتوچۆی بۆ دەنگدەران ئامادە کردبوو.

- لەئوستورالیا بەشداریەکی بەرفراوانی مەسیحیەکانی تیابەدی کرا....ولەهەندێک بنکەلەکورد زیاتریان دەنگ بەدەست هێنا،بەلام ئەم بەشداریکردنە بەهۆی هەبوونی زیاترلەلیستێک دەنگەکان پەرشبوون و،ئەوخەونانەیان نەهێنایەبوون کە مەسیحییەکان خوازیاری هاتنەبوونیان دەکرد. و لەناو پەرلەمانی ئیراقیدا تەنها ئەمڕۆکە (1) کورسیان بەچنگ کەوت

- پێویستە ئاماژەبەهاتنی کوردەکانی نەرویج بۆ ناونوسکردن ودەنگدان لەسوید بکرێت ..لەکاتێکدا ڕێژەیەکی زۆر لەکوردەکانی دانیشتوی سوید ئامادەی پرۆسەکە نەبوون،

- خێزانی کوردی لەهەندەران ،بەشداری کردنی(سەرۆک خێزان) باوک ودایکی تیا بەدی کرا،گەنج لەخواردایک وباوک لەخێزان وکۆمەڵدا کەمتر دەردەرکەوتن.بەهەمان شێوەش لەسەرئاستی ناوخۆی کوردستان بەشداری کردنی خوێندکاری زانکۆی سلێمانی لەگوند نشینەکان کەمتربوو.

ـ لەم بەدواداچونەدا زۆرجارتوشی ئەوەدەبووم کەبەشدارنەبویەک داوای ڕەهایەکی تەواوی دەکرد لە ئازادی و دیموکراسی ، ئەزمونی سڤیلی ئەوروپاش لەهەموگفتوگۆکان ئامادەبوو. لەکاتێکدانەیان دەزانی کەئەوروپای ئەمڕۆ بەرهەمی مامەڵەکردنێکی زۆرە لەگەڵ چەمکەکانی ماف و دیموکراسیەت .

ـ دەنگەکانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لیستی 130 دەرەوەی ئێراق 79504 ڕێژەی دەنگ لەکۆی گشتی دەنگ 3.65% هەڵبژاردنەکانی 30ی جانیوەری 2005

ـ دەنگەکانی لیستی 730 بۆنوێنەرایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانی 15ی دیسێمبەری 2005 دەرەوەی وڵات 176361 دەنگ

...............................